# زەماوەند

## ئەحمەد دەشتی

پاییز بوو هەوا بەتەواوی گۆڕابوو،کزەی فێنکی سروەی بەرەبەیان لە دامێنی چیاو دۆل و دەربەندەکانەوە دڵی مرۆڤی دەخستە زەمزەمەو یادو چاوەڕاوانی کەژی سارد و سڕی زستان و بەفرو بورانەوە،جارو بار تەم و مژ قەدپال و لوتکە بەرزەکانی لە باوەشی خۆیا دەگرت و ئاسۆی بەرزی دۆندەکانی تاریک دا دەهێناو تیشکی زێڕینی خۆرەتاویش دەنێو هەورە گەوال گەوالەکانەوە خۆی دەشاردەوەو جارجاریش وەدەر دەکەوتەوە،مەزرا و ڕەز و باغ و مێرگ و زەنوێرەکان و شۆو وەرد و پەڕێزەکان،زەرەند و نوالەو لێڕەوار و کۆسارو ترۆپکەکان بە تەواوی ڕەنگیان زەرد هەلگەڕا بووو دیمەنی خەزەلوەریان پێوە دیار بوو،تەواوی لق و پۆپی درەختە بەرزەکان ڕوتابوونەوەو تاک تاکە گەلای زەرد هەلگەڕاو و سوریان بە سەر لقە بەرزەکانیانەوە دا مابۆوەو بە شنە بای شەمال ئارام ئارام دەلەرانەوە و هەندێکیان بەچپە چپەوە بەردەبوونە خوارەوەو هەندێکیشیان بە سەماو هەلپەڕینەوە لەو ترۆپکانە دڵی تەماشا چیانیان دەخستە حەلوەلای هاتنی سەرماو سۆلی زستانەوە،هەموو ڕێگە و بان و کۆلان و بن پەرژینەکانی ئەو ناوە تەژی گەلای هەلوەریوی پایزی ئەو سالە بوو بوون،خشپ و هۆڕی گەلای وەریوی سەرزەوی لە ژێر پێی مرۆڤەوە ئاوازێکی تایبەت و شادو حەزینی وەدی دەهێناو لە هەر لایەکەوەشنەبای ساردی خەزان بە چپە چپەوە گەلای دارو بارەکانی هەلوەریوی سەرزەوی هەل دەگرت وجێگەی چال ونوالەکانی پێ پڕ دەکردەوەو زۆریشی لە باوەشی خۆیا هەلدەگرت ولە پەنا دەوەنەکان و پەرژینەکانی دەکوتاو گیری دەکردن و هەندێکیشی لە باوەشی ساردی خۆی دا لوول دەداو وەک گەردەلولێ بەرەو ئاسمانی دەبردن و

www.kurdistannet.org

پاشان دەیدایە دەست شەپۆلی ئاوی قەلبەزی ڕوباری خوڕو بەفراوی چۆمی خوارووی ئاوایی خنجیلەو ڕەنگین و جوانی گوندەکەمانەوەو بۆ هەمیشە ون دەبوون و بە ورد و خاشیانەوە وێلی ناو ئاوی بەفراوی پاک و بێگەردی ڕوبارە شین و جوانەکان دەبوون و لەبەر چاوان بزر و ون دەبوون و مال ئاواییان لە لێڕ و زەنویر و تاشەبەردو کەڤر و جەنگەلە چڕەکانی ناو گەلی وقەدپال وترۆپکان و ڕەوەز و دار چنارو دارەگوێز و شەنگە بی و دارگێوژ و تەواوی باغە ڕەنگینەکانی ئاوایی دەکرد و ئیتر ون دەبوون و بەرەو دەریای فەرامۆشی  دەچوون و بۆ هەمیشە بارگەو بنەی خۆیان دەپێچایەوە و دەڕۆیشتن،ئای کە چەندە شادو پڕ لە خۆشی بوون چەند جوان و دڵگیروبوو ئەو دەمانەی کە دۆندە بەرزەکان ئاسمانی شینیان دەگرتە باوەش و تەم و مژ و هەورو هێر دەڕوینەوەو تیشکی خۆرەتاوی زێڕینی ژیان بەخشیان لە باوەش دەگرت و هەتاوی گەرم و گوڕ لە وەرزی پایز دا بالی بەسەر زەویدا دەکێشاو تەواوی بالندە جوان و ئاواز شیرینەکان بە ئاسمانانەوە وەردەبوون و هەریەکە بە سەدای پڕ لە جۆش و خرۆشی و شادوتایبەتیانەوە دەنگیان دەهات و ئەو ناوەیان پڕ لە ئاوازی  خۆشی و خۆشەویستی کوردستانی ڕەنگین دەکرد،بە تایبەتی دیمەنی جوانی ئەو کاتەی کە قاز و قورینگ و مراوی لە ئاسمانەوە پەروازیان دەکرد و بە ڕەوشی تایبەت بە خۆیانەوە لەو حەوایەوە لە دوو یەک ڕێزیان دەبەستاو زۆر بە ڕێک و پێکی لە شەقەی بالیان دەداو کوێستانی سارد و سڕیان جیٚ دەهێشت و بەرەو گەرمێن دەگەڕانەوەو مال ئاواییان لە لوتکە بەرزەکانەوە دەکردو بە سەر دەڤەرو گوندەکەمانەوە دا تیٚ دەپەڕین و بالە نەخشین و جوانەکانیان دەکوتاو زۆرئازادانەو ئارام ئارام  لەو ئاسمانەوە تیٚ دەپەڕین و ئاوازی شیرینیان دەنگی دەدایەوە،لەو کاتەش دا مندالانی ئاوایی بەرەو ئاسمانی پاک و بیٚ گەردیان دەڕوانی وکۆمەل بە کۆمەل  لە شوێن و جێگەی خۆیانەوە بە

کۆڕس و بە یەکەوە بەو پەڕی دڵخۆشی و شادیەوە لە ژیانی ئازادی و سەربەرزی دا سەربەستانە هاواریان دەکرد و گۆرانی قازو قورینگیان بە ئاوازێکی تا بلێ شاد و دڵگیرەوە دەچڕی و هاواریان دەکرد و زۆر بە شادی و ئازادانە لە ئاوییە ڕزگار کراوەکەمان دا دەیانگوت:

قازو قورینگ و مراوی
هەرسێکیان تەیری ئاوی
گۆشتیان دەخورێ بە خاوی
قازو قورینگ و پۆڕن
هەرسێکیان شاقەل شۆڕن
چوون کوێستانان بنۆڕن
کوێستانم کێلەشینە
چەند بە بەفر و کەوینە
ئیمسال چ یارم نینە
کوێستانم دیتن دیتن
چەند بە بەفرو جلیتن
مەمکی کیژۆران قیتن
کوێستانم سەرێ بەردی
گەردەن سوسنێ لە عەردی
کەتیە دەستی نامەردی

بەلێ ئەو دەنگە خۆشە کەشکەشانی فەلەکی دەلەرزاندەوەو هەتا حەزت دەکرد بەو ئاواتەوە بووی کە ئەم ئاوازە شیرینە قەت نەبڕێتەوە،ئەم دەنگە خۆشە چەند جارێک تا کۆڕی پەروازی قازو قورینگان ون دەبوو ئەوا ئەم ئاوازە دەهات و دووبارە دەبۆوەو ئاوازی دڵفڕێن و شادی لاوان و گۆرانی بێژانی ئاوایی ئەو ناوەی دەهەژاند و هەر حەزت دەکر کە گوێ بۆ ئەو ستران و دەنگە شیرینانە ڕا بگری و

هەرگیز دوایی نێتن،ئای ئەو دیمەنە جوان و پڕ لە شادی و خۆشانەی ئەو ڕۆژگارانەی شۆڕشی ئیلولی مەزن چەند دڵگیرو پڕ لە حەزی خۆشەویستی بوون کە هەرگیز لە یاد ناچنەوەو هەمیشە وەکو شریتێکی سینەمایی لە بەر چاوانم دا تێدەپەڕن و قەت ون نابن،دەمەو ئێوارانیش کە دادەهات و تارمایی بەرەبەرە بالی ڕەشی خۆی وەدەر دەخست و تیشکی خۆرەتاوی زێڕین خۆی لە کۆساران و لوتکە بەرز و دۆندە ڕەنگینەکانی کوردستانی بەهەشتی جوان و شیرین دەشاردەوەو خۆی دەخستە دەم کەلەوەو بە تەواوی ون دەبو،ئیتر دیمەنی ئاگرەسورەی قەد پالان و ناو تاشەبەردو لێڕەوارەکانی ئەم بەر و ئەوبەری ئاوایی لە نێو دڵی تاریکایی شەو دا دەتروسکایەوەو دڵی مرۆی دەبردەوە لای ئەو پێشمەرگە دلێرانەو شۆڕەسوارانەی کەوان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان و پاسەوانی کوردستانی خۆشەویستر لە ژین و ژیانەو مرۆی دەبردەوە لای ئەو شوان و کاروانچیانەی کەوان لەو بەندەن وکێوانەوە و لە شەوانی سارد و سڕی پایزی دا خەریکی خەبات و تێکۆشانن لە پێناوی سەربەرزی ژیان و بەختەوەری دا ، ئیتر کە نانی شیوانیش دەخوراو شەوانی تاریکیش دادەهات و دەتڕوانیە ئاگرە سورەکانی قەد پالەکانی ئەو بەرو ئەم بەری ئاویی و دوور دوورەکان تا بلێی دیمەنی جوان و شیرینی شەوانی ساردی پایزی لەو ترۆپک و سەرانە دا دەهێناوە ناو خانەی خەیالی مرۆڤەوەو دڵت پێیان دەکرایەوە و دیمەنی ئەو شاخ و داخە ڕەنگینانە تا بلێ لە بەر جاوابن جوانتر دەبوون،خۆ ئەگەر شەوانی مانگەشەویش بایە ئەوا باو باوی مندالانی ئاوایی بوو بە تایبەتی کە مانگی ڕەنگین و جوان خۆی دەنواند وبە تەواوی وەدەر دەکەوت و لەو ئاسمانە شین و جوانەوەئارام ئارام لە سەر لوتکە بلندەکانەوە شەوقی دەدایەوەو مانگە شەوی چواردەی خۆی بە وەدی دەهێناو ڕۆناکیەکی تا بلێی ڕوون و بێ گەردی دەبەخشی و تەوای

**لێرەوارو ترۆپک و دۆڵ و دەشت و هامۆنەکان و ئاوایی ڕوون دەکردەوە،ئەوسا هەرچی کچ و کوڕانی ئاوایی بوون لە ماڵەوەش وەدەر دەکەوتن و دەستیان دەکرد بە یاریە فۆلکلۆریەکانی کوردەواری، هەندێ خەریکی چاو شیلکانێ و هەندی خەریکی حوحایێ و هەندی خەریکی تەندورەسورانێ و هەندێ خەریکی هەلیکسۆ و زۆر جاریش هەمو لە هەموو بە یەکەوە خەریکی دونگەمەڕانێ دەبوون و زۆر جارانیش لێک کۆ دەبوونەوە و ئیتر دەستیان دەکرد بە قاوقاوێنێ و ئەوسا کە دەبووە کۆڕی گەڕەلاوژەش، هەریەکە لە نۆرەی خۆی داگۆرانیەکی شادی دەچڕی ودەیان کرد بە چەپلە ڕێزان و مەتەڵ و مەتەلۆکە،پاشانیش بە یەکەوە هەڵ دەپەڕێن و ئیتر تێرو پڕ تا شل و کوت دەبوون ئەوا شایی و گۆرانیان گەرم دەکرد و تا نیوەی شەوانە کە بەو شێوەیان ڕا دەبوارد وئەوسا زۆر بە شادی و دڵی خۆشیەوە بەرەو ماڵەکانیان دەبوونەوەو دەچوونەوە و تێرو پڕ لێی دەخەوتن و خەوی شادی و خۆشیان دەبینی وتابەیانی لە پرخوو هۆڕی خەو دەمانەوە.**

**سەر لە بەیانیش کەدا دەهات و هێشتان ئاسۆی بەرزی بەرەبەیان بە تەواوی ڕوون نەدەبۆوە ئیتر سەپان و پالەو جوتیاران و کۆمەلی هەرەوەز خۆیان ئامادە دەرکرد و بەرەو زەوی زارەکان دەچون و دەست دەکرا بەکارو کاسبی و توتن پێوە کردن وخەرمان هەلگرتن و وەدەست هێنانی بەرهەمی ژیانی وەرزێران،ئای کە چەند شیرین و خۆش بوو ئەو دەمانەی کەکاتی ساوار کولاندن و یان ساوار کوتانەوە یان دەستاڕ گێڕان دا دەهات،بەڕاستی شەوانی ساوەر کوتانەوەش شەوانێکی پڕ لە شادی و خۆشی بوو،بە تایبەتی کە مام سەعید چاوشین و کاکە ڕەحمانم بەشداریان دەکرد و گۆرانی ساوەر کوتانەویان بە دەنگە خۆشەکانیانەوە کە پڕ بوون لە نکتەو قسەی خۆش بە گۆرانی گوتن و باسی دڵداری و زۆر جارانیش داستانی کۆن**

www.kurdistannet.org

و دیرۆکیان بە گۆرانی دەچڕی و دەیانگێڕایەوە و ئەو ناوەیان پڕ لە شادی و خۆشی دەکرد،لە هەمووی خۆشتر لە کاتی حەسانەوە دا بلوێرەکەی مامە جەژنی بوو کە هەلی دەدایەو ئەو ئاوازەی دڵگرەو شیرینەی بە بلوێرەوە دەگوت و دەنگی دەدایەوە تا بلێی خۆش و لە بەر دڵان بوو، خۆشترین کۆڕ کۆڕی هەرەوەزی ئاوایی بوو کە بە هاوکاری یەکترو خۆشەویستیوە هەر ڕۆژە لە مەزرایەک دا خەلک یارمەتی یەکیتریان دەداو هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ وەدەست هێنانی بەرهەمی ڕەنجی ژیانیان،لەولاشەوە ڕەوەند و دۆم و کویستانچیان بارو بنەیان تێک دەنا و ئیتر وردە وردە هەواری زۆزانانیان چۆل دەکرد و بەرەو گەرمێن دەگەڕانەوە و تەواوی ڕێو بانەکانیان ئاوەدان دەکردەوەوبەچڕاندنی لاوک و حەیرانی تایبەت بە خۆیانەوە ئەو ناوەیان دەهەژاند و وردە وردە بەرەو گەرمێن دەگەڕانەوەو ئەوناوە پڕ دەبوو لە هات و چۆکردن دا،خۆ دیمەنی سەرلە بەیانی مەشکە ژاندنی ناو ئاوایی و دیمەنی لێڕەوارەکانی پڕ لە مازی چنان و ڕاوچیان و ئاوازی لاوک و بەستەو حەیرانی قەتار چیان و ڕێبواران لەو ناوە تێکەلاو دەبوون و دڵی لاوو پیرانیان دەخستە جولەو بزاوتنەوە،بە تایبەتی ئاوازی دەوەرە گولێ گولە جوانی سنگ سپیێ مەمک فنجانییێ کە حاجی لەوناوە دەیچراند و دەنگی دەهات و ڕەنگی دەدایەوە ئیتر هەرکێ کە گوێی لەو ئاوازە پڕ لە شادی و جۆش و خرۆشەوە دەبوو تا کۆتایی بێ هەست دەبووو گوێی بۆ ڕا دەگرت و دڵی پێ شاد دەبوو،ئای کە چەند شیرین و ڕەنگین بوو ئەو دیمەن و هاکارو ژینی ئەو ڕۆژگارانەی کە تیادا دەژیاین و هەرگیز لە یاد ناچنەوەو هەمیشە هیوای ئەو ژیانە سەربەرزیە دەخوازین.

وەرزی پایزی ئەو سالەمان کەژێکی پڕ لە شادی وخۆشی بوو،لیرمەی تۆپ و گرمەی فڕۆکە و بۆردومانی ڕەزو باغ و ئاوایی نەمابوو ئاخر ئەو سالە شەڕ وەستا بوو،بۆ بوژانەوی خەلکی کوردستان

سەرکردایەتی شۆڕش بارزانی نەمر لە گەل ڕژێم دا پەیمانی شەڕ وەستانیان دابوو،خۆ ئەمە بۆخۆی هەنگاوێکی تا بلێی پیرۆز و بوو،ئاخر کوردی بێکەس و بێ دەرەتان دوای سالەهای سال کوشت و کوشتارو وێرانی و داگیرکردنی مال و ژیانی پێویستی بە پشودانەو بەرامبەر ئەو هەموو هێزەی داگیرکەران دەبێ پشوێک بدات و کەمێ بحەسێتەوە و خۆ هەرکاتیش کە دەستی ئاشتی بۆ کورد درێژ کرا بووبێ ئەوا کورد شەری ڕاگرتووە و هەرگیز شەری نەکروەو هەمیشە دوژمنان شەریان بە سەر کوردستان داسەپاندووە و دژ بە کورد و کوردستان هەنگاویان ناوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کوردیسن کوشتوە ،خۆ گەلی کورد قەت حەزی بە شەڕ ناکردوە،بەلام کە بەسەریشیان داسەپاندووی هەمیشە بەرگریمان لە کوردو کوردستان کردووە ، ئەو سالەشۆڕش چۆکی بە ڕژێم دادابوو،بۆیەش بوو کە ڕژیمی عێراق دانی بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان نابوو،خەلکی کوردستان لە سایەی شۆڕش و ئەو ئاشتیەدا کەمێ حەسا بوونەوە،خەلکی ئاواییەکەمان هەموویان تێر و تەسەل و ئاسودەبوون،هەرچەندە ناوچەکەمان لە مێژ بوو کە ئازادو سەربەخۆ بوویوو،بەلام هێرشی نارەواو کوشت و کوشتارو بۆردومانی درندانەی دوژمنان خەلکی زۆر نا ئارام کردبوو،پەیمانی ئاشتی تەواوی خەلکی حەساندبۆوە،ئەو سالە سالێکی هات و پڕ لە پیت و بەرەکەت بوو،جوتیارو ڕەنجدەرانی ئاوایی و ناوچەکەمان بە تەواوی بووژابوونەوەو بەروبومێکی پڕ لە پێت و فەڕیان وەدەست هێنابوو،هیچ کەسێ چاوی لە دەستی ئەویترەوە نەبوو،لە سایەی ڕەنج و تێکۆشان و بازووی دەستانەوە هەموو ئازۆقەیەکیان لە مشە هەبوو،هەر لە کۆنەوە لە ناو کوردەواری وا باو بوو کە لە دوای هەلگرتنی خەرمانان و وەدەست هێنانی بەرو بوومی وەرزی پایز و نەزیک بوونەوەی وەرزی تەڕو توشی و سارد و سڕی زستان دا و دابین کردنی ئازۆقەی سالێک بۆ ژیانی مال و مندالان و لە دوای شۆ بڕین و قوڕ و قوڕکاری و تەواو

بونی کارو بارەکان ئیتر ئەوانەی کە  هەرەتی ژن هێنان و شو کردنیانە ئەوا کارو باری زەماوەندیان رێک دەخست و ئاهەنگی ژن هێنان و مێرد کردن دەستی پێ دەکرد و داوەت و زەماوەندێکی زۆر گەرم و گوڕ لەئاوایی پێک دەهێندراو خەلکێکی زۆر داوەت دەکران و دەهاتن بۆ ئاهەنگ وگۆوەندی بوک گواستنەوەو بەزم و داوەتیان دەگێڕا،لە وەلاتی ئێمە دا کەژی پاییز بە وەرزی پێک شاد بوون و گەیشتنی دڵانی دڵدار بە یەکەوە ناسراوە.

ئەوانەی کە دەبوونە خاوەن زەماوەند دەبوایە لە تەواوی خزم و کەسان و گوندەکانی دەور و بەر و ناسیارو دۆستان بگێڕنەوە،ئەوەی کە لێشی دەگەڕاوە ئەوا بە خاوو خێزانەوە ڕووی دەکردە ئەو ئاواییە و ئیتر چەند شەوو چەند ڕۆژێ تا زەماوەند دەبڕایەوە بە خۆیان و ئازۆقەکانیانەوە لەو گوندە دەمانەوە،ئەمەش کارێکی تا بلێی چاکی کوردەواریە کە لە کارو باری ئاوادا هاوکاری یەکتر دەکەن وبە هەموو شێوەیەک یارمەتی یەکتر دەدەن،چونکە نان دانی ئەو هەموو خەلکە ئەگەر هاوکاری یەکتر نەبێت بۆ خاوەن زەماوەند زۆر بە گران تەواو دەبێتن  ئەمە ڕەوشتکیی کۆنی باوو باپیرانی کوردەواریەو هەرکەسێک بۆ زەماوەند کە داوەت بکرێت،دەبێ خەرجی خواردن و نان و شیو بۆ مێوانان و کۆڕی مزگەوتیش بە گوێرەی توانای خۆی  لە گەل خۆیا بێنێ جا هەرچەند ڕۆژی کە درێژە بکێشیت ئەوا بەشداری بەو پەڕی تواناوە لەو ئاهەنگە دەکات،زۆر جاران وابووە بە هەفتە زەماوەند گیڕدراوە،ئەمە بۆخۆی ڕەوشتێکی پاکی کوردەواریەو گیانی پاکی هەرەوەزو یارمەتی دانی یەکتریە لە هەموو کارو بارێک دا، ئێستاش لە ناو کوردستاندا ئەمە هەرباوەو لە باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

من دۆستێکی زۆر خۆشەویستم هەبوو هەردوکمان لە یەک تەمەن دابووین و هەرەتی لاویەتیمان بوو تازەش بوو کە خەتی سمێلمان بە تەواوی دابوو،سالەها بوو کە زۆر متووی یەکتر

بووبوین،له هێچ کاتێک دا دڵمان لەیەکتر نەدەڕەنجا،ئەو هەڤالەی من برا گەورەی ماڵەوە بوو،ئاخر ئەو کوڕە ماوەی دوو ساڵان بوو باوکی شەهیدکرابوو ناوی ڕێبوار بوو، من ڕێبوارم زۆر خۆش دەویست له بەر ئەوەش کە ڕۆڵەی شەهیدێکی قارەمان بوو، ئەو نەمرە واتهە باوکی ڕێبوار لە ڕێزی شۆڕشی ئەیلول دا وەک پێشمەرگەیەک گیانی پاکی بە کوردو کوردستان دەبەخشێت،تەواوی خەلکی ئاوایی کاکهە ڕێبواریان خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەنا، دەزانی کە شەهیدی نەمرو هەمیشە زیندووی مەحمودی باوکی ڕێبوار چەند دڵێر و قارەمان بوو،له دوای سالەهای سالی ژیانی پێشمەرگایەتی و ئەو هەموو ڕەنج و ئازارو کوێرەوەریانەو گیانی لە خۆ بوردنەوە لە شەڕێکی زۆر قارەمانانە لە دوای هێرشی دوژمنان بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکەمان بۆ خاپوور کرد ن و وێران کردنی تەواوی دارو نەدارمان و بەرگری کردنی ئەو شەهیدە نەمرە لە شەڕەف وکەڕامەتی خاک و نەتەوەکەی لە گەل هەندێ لە هەڤالانی تر شەهید دەبێت و گیانی پاکی دەبەخشێ بە کورد و کوردستان و بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوەو دەبێتە جێگەی سەربەرزی و شانازی بۆ گەلی کورد.

ڕێبواری هاوڕێم ڕۆڵەیەکی ژیرو وریاو تا بلێی ڕەوشت پاک بوو،ڕۆڵەیەکی مەرد و مەردانە بوو گیانێکی بەرز و هەلکەوتووی هەبوو،گوێ ڕایەلی تەواوی نەریتەکان و هاکارو ڕەوشتی پاکی کوردەواری بوو،ئەو دەنێو دڵی تەواوی خەلکی ئاوایی و دەورو بەرو ناسیاران دابوو،جێگەی دیاربوو کە چ ڕۆڵەیەکی هەلکەوتووە،هەموو کەسێک ئەویان خۆش دەویست لە کردارو ڕوشتی ڕازی بوون،من و ئەو زۆربەی کاتەکانمان بە یەکەوە دەبردە سەر و نانمان بەبێ یەکتری ناخواردو گەلێکمان سەبر یە یەکەوە دەهات،هەردوکمان وامان بڕیار دابوو کە ئەو ساله بە یەکەوە ژن بگوازینەوەو شایی و زەماوەندێکی پڕ لە شادی بگێڕین و چەند شەو و ڕۆژێک دڵی دۆست

www.kurdistannet.org

و یارانمان شاد و خەندان بکەین،من دەزگیرانی خۆم هەبوو،بەلام ڕێبوار بێ دەزگیران بوو،لەو بارەوە من ئەوم بە واسواس دەناسی و زۆر جاران سەرزەنشم دەکرد کە بێ دۆست و یارە،چونکە دڵی هەموو کەسی نەدەگرت،گەلێ جاران لەو بارەوە بۆ یەکتر باسمان دەکرد و فلان و فیسکەمان ناو دەهێناو کەچی ئەو لەو بارەوە بێ دەنگ دەبوو،من زۆرجاران ناوی کچانی ڕوو سپی ئاوایی و جوانانی دەورو بەرم دەهێناو ئەویش بەو باسانە بزەیەکی دەهاتێ وخۆی لەو بارەوە بێ دەنگ دەکرد و دیاربوو کە دڵی لە سەر نەدەبوو،ڕۆژێ کە مالی مام حاجی تەها ژنیان دەگۆاستەوەو خەلکێکی زۆریان بۆ زەماوەندی شێرکۆ داوەت کردبوو خەلکێکی زۆریش هاتبوون و چەند شەوو چەند ڕۆژێ ئاهەنگی بوک گواستنەوەیان گێڕا، ئێمەش بە خاوو خێزانەوە بەشداری ئەو ئاهەنگەمان کرد،لە مێژ نەبوو کە من و ڕێبوار سەرو ڕانک و چۆغەی ڕەنگ خورمایی بێتواتەمان لە لای وەستا خدر بە ڕادان دابوو تازە هێنابومانەوە و لە بەرمان کردبوو،تەواوی خەلک کچ و کوڕان و پیاوو ژن و مندال هەموو لە هەموو بە جل و بەرگی تازەی کوردی ئامادەی شایی و شادی دەبوون،لە کوردەواری ئەمە باوە کە لاوان و پیرانیش هەمیشە لە شایی و گۆوەندا خۆیان دەزڕازێننەوە جل و بەرگی تازەو نوو لە بەردەکەن،ئاوایی مشت لە خەلکی دەورو بەر بوو بوو،دێیەکەی مالی مام حاجی تەها تەنیا پێنج کێلۆ مەتر لە گوندەکەی ئێمەوە دووربوو،ئێمە لە گەل کاکە ڕێبوار کە بەرەو گوندی مالی مام حاجی تەها دەچووین لە ڕێگەوە ڕێبوار بە منی گوت:ئەحمەد گیان ئەم داوەتە بۆمن خێری تیایە،ئەو کچەی کە من دڵم پێوەیە و باسم بۆت کردووە دڵم گرتوویەتی و نیشانت دەدەم،ئەو کچەش کچی هەڤالێکی خۆشەویستی باوکم بووە،هەردوکیان بە یەکەوە سالەهای سال پێشمەرگایەتیان کردووەو یەکتریان زۆر خۆش ویستووە،هەرکاتی باوکی ئەو کچە من دەبینێت ئەسرین بە

چاوانی دا دێتە خوارەوەو یادی باوکم دەکاتەوە،ئەو کچە کچی مام حاجی عەولایەو ئەویش مرۆیەکی قارەمانەو زۆر مەردانەیەپێشمەرگەیەکی دێرینە ،جاتوخوا تۆش زۆر بە باشی بڕوانە تەواوی هاکارو هەلس و کەوتی ئەو کچەو بزانە چۆنە بە چاکی دیققەتی بدەری،ئایا پێت باشەیاخێر،ئەو کچە ناوی قومری خانە وکچێکی لایەقەو باوکیشی مرۆیەکی تا بلێی پیاوانەو نیشتمانپەروەرە، باوکی قومری هەمیشە کە من دەبینێت و زۆرم ڕێز لێ دەگرێت و داستان و بە سەرهاتەکانی لە گەل باوکم دەگێڕێتەوە،تەواوی قەوم و قیلەی قومری دۆستی ئێمەن و ئێمەیان لە بەر خاتری باوکم زۆر خۆش دەوێتن،من کە بچمە ئاوایی ئەوا لەوان مێوان دەبم،حاجی عەولا گەلێ جاران بە من دەلێت هەر پێویستیەک و کاریکت هەبێت پێمان بلێ،ئەوان گەلێک خاتری ئێمەیان دەوێت،جا حەز دەکەم کە ببم بە خزمی ئەوان و قومری خانیش حەز دەکات کە من بیخوازم،تەواوی خزم و کەسانی ئێمە بە تایبەتی دایکم زۆر حەز دەکات کە من ئەو کچە بخوازم،جا منیش دڵم بەوەوەیە، گەر تۆش وەک هەڤالێکی دڵسۆز و خۆشەویستم ڕات لە سەر بێت ئەوا خوا یاربێت جی بەجێ دەبێت،منیش لەو کاتەدا بە کاکە ڕێبوارم گوت کاکە ڕێبوار گیان هەرکچێ کە تۆ ڕات لە سەر بێت و پێت باش بێت وابزانم پەسەندە ودیارە کە لە هەموو ڕویەکەوە هەلت سەنگاندووە شتێکی زۆر باشە،من زۆر خۆشحالم بەوەی کە تۆ ڕازی،بەلام ئەو کاتەی کە تۆ ئەو باسەت کرد و ناوی قومری خانت هێنا نەت گوت کەخۆم ڕازیم و ڕام لە سەریا هەیە،ئێشتاش کەوا تۆ ڕات لە سەر بێ ئەوەی کە من بی بیبینم بەلامەوە پەسەندە چونکە دەزانم هەرچی کە تۆ پەسەندی بکەی ئەوە نمونەیەو جێگەی شانازیە،لەمێژە من ئارەزوومە کە نەمرم و ببینم هاوڕێێ هەرە دڵسۆز وپاکم خاوەنی دەزگیران و یاری خۆشەویست و هاوسەری شیرینی بێت،ئەمە

**سروشتی ژیانە هەموو کەسێ دەبێت ژن بێنێ و شوبکات،من زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە دەمگوت دەبێت ڕۆژێ بێت ڕێبواریش ببێ بە خاوەن دەزگیران و ئاقلی یەکێک بگرێت،چونکە تۆ لەو بارەوە گەلێک وەسواس بووی،ئیتر من ئەوەندە خۆشحال بووم نەم دەزانی چۆن وا زوو گەیشتینە ئاوایی و بە ڕێبوارم گۆت ڕێبوار گیان بە ڕاستی ئەم شاییەی مالی مام حاجی تەها خێری پێوەبوو و بۆ ئێمە دوو جاران شایی وگۆوەندە،ئێمە کە گەیشتنە ئاوایی ئیتر مالی خانە خوێ و دۆست و برادەرانی ئەو گوندە لە گەل مالی مام حاجی تەها بە پیرمانەوە هاتن و گەلێک بە خێر هاتنیان کردین و لە نەزیک مالی مام حاجی تەها لە مالێکی ترەوە دامەزراین ئێمەش وەک تەواوی مێوانان دیاری و کەل و پەلی پێویستمان هێنا بوو،دیاریمان دا بە مالی مام حاجی تەهاو ئیتر مشووری خۆ ڕێک خستن بووین،خەلکی گوندە دوورەکان زووتر لە ئێمەوە هاتبوون،هەموو خۆیان بە تەواوی ئامادە کرد بوو،ئیتر من و کاکە ڕێبواریش چوینە بن ئەو ڕەشمالە چەند هۆبەییەی کە بۆ پیاوان هەلدرابوو دوای ڕۆژباش کردن هەموو لهە هەموو بە خێر هاتنیان کردین ،کە چووین وێندەر بن ڕەشمال و دەوری و بەری مۆنجەی دەهات لە خەلک،پیران و گەورە پیاوان لە بن ڕەشمال ڕونیشتبوون،مام حاجی خدریش لای مام حاجی تەها لە سەرەوە ڕونیشتبوون،مام حاجی خدر کە مرۆیەکی ڕیش سپی و پیاوێکی نورانی بوو کە ئێمە چوینە ژوورەوە دیاربوو بانگی ڕێبواری کرد و گوتی وەرە لام،منیش لە گەل ڕێبوار بە یەکەوە چووینە لای مام حاجی خدرو دوای دەست ماچ کردن و چاک و خۆشی مام حاجی گوتی: فەرموون ڕونیشتن،ئێمە کە ڕوونیشتین ئیتر مام حاجی ڕێبواری بە خەلکە کە ناساندو داستانێکی قارەمانەتی و لە خۆ بوردوویی شەهیدی نەمری باوکی ڕێبواری لە کێوی سەفین بۆ خەلکەکە گێڕایەوە،کەوا چۆن بەرگری کردووەو بە چ شێوەیەک و**

**چۆن دوژمنانی لەو هێرشەگەورەیەی کە دوژمنان  لە ناکاو کردویانەتە سەریان و چۆن دەورێکی هەبووە بۆ بەزاندنی نەیاران و باوکی ڕێبوار پێشمەرگەیەکی چەن ورەبەرزو دڵسۆز و وەفاداری شۆڕش و کوردایەتی بووە،تەواوی خەلکییش کە ڕێبواریان ناسی کە کوڕی ئەو شەهیدە نەمرەیە  هەموویان بە ڕێز و حوڕمەتەوە دوو بارە بە خێر هاتنی ڕێبواریان کردەوە و خۆشتریان دەویست،ئاخرباوکی ڕێبوار پێشمەرگەیەکی دیاربوو لە ناو خەلک دا،هەموو خەلکی ئەو ناوە ئەویان دەناسی کە چەند لە خۆ بوردوو وچەند قارەمان و ئازاو نەترس بووە،هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلەلی مەزن کردوە و تا ئەو ڕۆژەی کە گیانی بە کوردستان بەخشیوە تەنانەت ساتێکیش کۆڵی نەداوەو هەمبشە لە سەر ڕێبازی بارزانی نەمر بووەو تابلێی دڵسۆز و وەفادارو ئازاو شەهیدێکی قارەمانە.**

**ئیتر شایی و زەماوەند دەستی پێ کرد و،هەرچەندە کە یەکەمجار گۆرانی بێژەکان و زوڕنا ژەن نەهاتبوون و هەندێ دوا کەوتبوون و پاشان سەید کەریم و دەهۆلچی کە هاتن و ئیتر شاییان بە ئاوازی دەهۆل و زۆڕناگەرمتر کردو ئەوسەرو ئەوسەری شایی دیار نەبوو،خۆ جارجارەش ئاوازی پڕ لە شادی و خۆشی میرۆ دەنگی دەهات و ئەو ناوە پڕ بوو بوو لە شادی و خۆشی ،لەو کاتەی کە سەید کەریم زوڕناکەی بەرز دەکردەوەو دەنگی دەهۆل ئەو ناوەی دەهەژاند و تەواوی کچ و کوڕان و دڵتەڕان بەبێ ئەوەی کە بزانن ماندوو بوون چیە زۆر بە گەرم و گوڕی هەل دەپەڕێن و شاییان گەرمتر دەکرد، دیمەنی کچانی بالا بەرز و لاوانی شۆخ و شەنگ تا بلێی ڕەنگین و جوان بوون،من و ڕێبواریش وردەوردە بەرەو داوەت خزاین،داوەت ڕەشبەلەکێکی بە ڕاستی بوو،هەموو کەسێک دۆی خۆی لە دەستا بوو،ئێمە کە چووینە شایی کاکە ڕێبوار هەر چاوی دەگێڕا،لە ناکاو بە منی گوت: بنوارە ئەوێهێ قومری خانە وائەویش  هات بۆ**

شایی،منیش گوتم ڕێبوارگیان شەرت وایە بێتە دەستی تۆ،ئەگەر بێتە دەستی تۆ ئەوا لە ئێستاوە دەڵێم پیرۆز بێت و لە دوورەوەش ڕا دیارە کە کچێکی لایەق و جوانەو جا ناشزانم لە نەزیکەوە چۆنە؟ڕێبوار زۆر بە باوەڕ بوونەوە گوتی بەلێ لە نەزیکەوە جوانترەو باشیش دیقەتی بدێ،قومری خان هەرچەند نەزیک دەبووەوە جوانی زیاتر دەردەکەوت ئەوکچێکی بالا بەرز و شیک و تا بلێی جوان و لە بارو ڕووخۆش بوو،من هەرچەندی دیـققەتم دەدا ئەو کچە نازدارە بە ڕاستی هێیچ عەیبێکی پێوە دیار نەبوو،هەتا بلێی لە بارو جوان و وشەنگ وشۆخ بوو،قومری خانیش دیاربووچاوی لە خۆشـــــەویستی خۆیەوە دەگێڕا،ئەولە شوێنێ لە پشتەوەی شایی ڕاوەستاو ئەو سەرو ئەوسەری شایی سەیر دەکرد، من و ڕێبوار کەگەیشتینە لای ئەو ئیتر قومری خان هاتە ناو شایی و یەکسەر هاتە دەستی کاکە ڕێبوار،قومری خان کچێکی چاو ڕەش و هەتا دەست هەلینی کەلەگەت بوو،قەلافەتێکی زۆر ڕێک و لە باری هەبوو،ڕوو خۆش و لێو بە بزەبوو،لێچەکێکی زەردی پڕ لە پولەکەی مەهابادیانەی بە سەرملانیەوە دادابوو کە بە سەر پشدینەکەی دا شۆڕ ببوەوە خوارەوە پشدێنێکی کەشمیری سەوزیشی لە ناو قەدی خۆیەوە بەستا بوو ،کراسێکی سەوزی بریقەدار و پڕ لە پولەکە داری لە بەر کردبوو و زۆر لە بارو نازادارانە خۆی ڕازاندبۆوە،ئەو یەکسەر هاتە دەستی ڕێبوار،ڕێبواریش بەخێر هاتنێکی پڕ لە خۆشەویستی لێ کردو ئەویش وەرامی دایەوە،ئەوسا ڕێبوار نوقرچێکی لە من داو من زانیم کە ئەوچی دەلێت،ڕێبوار زۆر دڵخۆش بوو،ئیتر پاشان دەزگیرانەکەی منیش هاتە دەستی منەوەو تا شایی پشودان و هاتنی کاتی خواردنی نانی نێوەڕۆ شاییمان کرد،وابوو ئەو دانە تادەورو بەری ئێوارەشایی وەستاو هەرکەسە بەرەو مال بۆوە بۆ ئامادە کردنی نانی نیوەڕۆ وهێنانی بۆ بن ڕەشمالی کۆڕی پیاوان،هەندەی پێ نەچوو ئیتر نان و

شیو ئامادە کرا،ئای کە دیمەنی مەجمەو سینی سەر داپۆشراو و پڕ لە جۆرەها خوارنی کوردەواری کە بە دەستی لاوو جحێلەکانەوە لە دوو یەکتر ڕێز بووبوون دیمەنێکی جوان و پڕ لە هەستی مەردایەتی و پیاوەتی و هەرەوەزی کوردەواریە،ئائەمەش لە باوک و باپیرانەوە بەجێماوە لە هەموو شایی و شینێک دا ئەو ڕەوشە پاکە باوە،تەواوی جیران و ناسیارو خەلکی گوند و بەشدار بوان لە شین و شایی دا هەرچەند ڕۆژ بکێشێ ئەوا هاوکاری یەکتر دەکەن و هەموو مەسرەفێک بە یەکەوە دەکێشن و تەواوی خەلکی هەژارو دەولەمەند خۆی لەو بارەوە بەبەرپرسیار دەزانێ و هیچ درێغیەک ناکات،ئەم هاوکاری کردنە مرۆ دەخاتەوە یادی یارمەتی دانی یەکترو گیانی پاکی کۆمەک کردن لە کارو باری چاکە کردن دا،ئەوانەی کە نان و شێو دێنن هەموو لە هەموو چاوەڕوانی دەکەن تا تەواوی خەلک خواردن ئامادەدەکەن،ئەوسا کە تەواو بوو ئەوا بۆ کۆڕی مەجلسی دێنن وهەرکەسە لە پێش گەورەپیاوان و مێوانانیان دادەنێ و دەست دەکرێت بە خواردن،ئا بەو شێوەیە هەر سێ جەم لە مزگەوت یا لە دیوەخان یا لەو شوێنەی کە ئامادەدەکرێت نان و شیوێکی زۆر ئامادەو دروست دەکرێت.

ئەو ڕۆژە نان و چا خوراو ئیتر نەزیکەی سعات چواری نیوەڕۆ بوو دەست کرایەوە بە شایی و گۆوەندو ئەوسەری شایی دیار نەبوو،پێش ئەوەی کە قومری بێتەوە ناو شایی کاکە ڕێبوا پێی گوتم توخوا ڕاستیم پێ بلێ کە قومری چۆن کچێکەو ئایا ڕات لێیەتی یاخێر؟دیاربوو کە زۆر بە پەرۆشە بوو کە ڕای من بزانێت،منیش لە وەرام دا گوتم:یاخوا پیرۆزت بێت کاکە ڕێبوار بە ڕاستی کچێکی لایەق و جوانت هەلبژاردووەو زۆر شیاو بە تۆیەو ئەوەندەی کە سەیرم کردووە لە بارەی جوانی و ڕێک و پێکیەوە هیچ عەیبێکم لێوە نەدیوەو کچێکی میهرەبان و ناسک و نازدارە،زۆر شادم بەوەی کە ئاوا

کچێکت هەلبژاردووە بۆ دەزگیرانەتی خۆت،خوا یار بێت هەر لە دوای زەماوەند دەچینە داخوازی قومری خان و لێت مارە دەکەین،،ڕێبوایش بە بزەیەکەوە گوتی کاکە ئەحمەد منیش هەر بەو نیازەمە ، دایکیشم گوتی کە تۆ  مالی مام حاجی خدر ئاگادار بکەیت، کەئێمە ڕۆژی هەینی لە گەل چەند پیاو ماقولان و ماموەستای گوند دەچینە داخوازی قومری خان بۆ ئەوە لە مالەوە بن و بزانن،منیش گوتم ڕێبوار ئایا قومری شو بە تۆ دەکاتن یاخێر؟ڕێبوار لە وەرام دا گوتی بەلێ شوم پێ دەکات،من دەمێکە لەو بارەوەقسەم لە گەل قومری کردووەوقومریش پەیمانی داوە،ئێمە هەردوکمان بەیەک ڕازین و دایک و باوک و براو کەسانی قومریش ڕازین و ئاگاداریان کراوەو وەرامی پێ خۆش بوونیان داوەتەوە،هەروەها تەواوی خانەوادەی ئێمەش ڕازین و حەزم کرد کە تۆی برای ئازیز و خۆشەویستیشم بەو کارە ڕازی بیت و دلت بگرێت،جا من زۆر خۆشحال بووم ودلم بەو قسانەی کاکە ڕێبوار گەشایەوەو بە ڕێبوارم گوت:ئۆخەی ڕێبوار گیان بە ئارەزووم گەیشتم کە تۆش بووی یە خاوەن دلی خۆت ومنیش حەسامەوەو ئێستاکە تا بلێی بەختەوەرم و خوا ئەم کارە سەرکەوتوو بکات و پیرۆزی یەکتر بن،هیچ خەمێکی ئەو کارەت نەبێت من هەمووی جێ بەجی دەکەم هەر لەدوای گەڕانەوەمان بۆ گوندەکەمان بە باوکم دەلێم کە ڕۆژی هەینی ئامادە بن و پیاو ماقولان لەگەل ماموەستامەلا خدرو ڕیشسپیانی ئاوایی کۆ بنەوەو  دەچین بۆ داخوازی و مارە بڕینی قومری خان ،هەر لە دوای مارە بڕین و تەواو بوونی کارو بار دەچین بۆ شارو هەموو جل و بەرگی بوکینی و خشل و زێری پێویست بە ڕادان دەدەین و ئەوسا خۆمان ئامادە دەکەین و بە زووترین کاتیش کارو بارەکانی زەماوەند ڕێک دەخەین و داوەتێکت بۆ دەگیڕین کە ئەوسەری دیار نەبێت و لە تەواوی دۆست و برادەران

و خەلکانی ئاواییەکانی دەور و بەر دەگیرینەوەو شاییەکت بۆ پێک دینین کە ئەو سەری دیار نەبێت.

داوەتی کاکە شێرکۆ زۆر بە شادیوە تەواو بوو، ئەورۆژە نانی نیوەرۆی رۆژی پینجشەممەمان خوارد و پیرۆز باییمان لە کاکە شێرکۆ مام حاجی تەهاو خزمانی شێرکۆ کرد و بەرەو گوندەکەی خۆمان بە دڵێکی پڕ لە شادیوە گەڕاینەوەو بە ماڵی مام حاجی خعەولاشمان گوت کە رۆژی هەینی بۆ ئەو کارهە خێرە دینە خزمەتتان ئیتر،تا گەیشتینەوە ئاواییەکەمان هەموو باس و خواسێکمان ئەوەبوو کە چون بچینە داخوازی و چۆن داوەتی کاکە ڕێبوار ڕێک بخەین و چی بکەین و چی نەکەین،ئەو شەوە کە چووینەوە گوندەکەمان لەبەر ئەوەی کە زۆر ماندوو بووین و چەند ڕۆژێک بوو کە لە داوەت و هەلپەڕین بۆ شێرکۆی مام حاجی تەها گەلێ ماندوو بووبوین هەر زوو لێی خەوتین،سەرلە بەیانی زوو لە خەو هەستاین و بە باوکم گوت: کە بچێتە لای ماموەستا مەلا خدرو دەربارەی سەفەری ڕۆژی هەینی بۆ داخوازی قومریخان ڕێک بکەون،باوکیشم زۆری پێ خۆش بوو،هەر ئەو ڕۆژە بە مامۆستای گوت و مامۆستاش ئامادەبوونی خۆی دەربڕی و ئاگاداری هەندێ ڕیش سپی و ماقولانی ئاوای کرد و خۆیان بۆ ئەو کارە خێرە ئامادە کرد و ئاگاداری مالی مام عەولایان کرد کە بۆ ڕۆژی هەینی دەچنە داخوازی قومریخان،وابوو ڕۆژی هەینی ماموەستا مەلا خدرو باوکم و گەلێ لە ڕیش سپیان و ماقولانی ئاوایی بەرەو گوندی مالی قومریخان بەڕێکەوتن و چوون بۆ مێوانی و خوازبێن قومریخان،سەعات نۆی سەر لە بەیانی گەیشتینە مالی مام حاجی عەولا و لەوێ دابەزین و ئەوانیش دیاربوو ئامادەو چاوەڕوانی مێوانانیان دەکردو مام حاجی عەولا کوڕەکانی و مەلای ئاوایی و هەندی لە ماقولانی گوندی مام حاجی عەولا پێشوازیەکی زۆر گەرم و گوڕیان لێ کردین گەلێکیان بە خێر هێنایین،ئیتر لە دوای حەسانەوە و

پشودانێکی باش و خواردنەوە چاو قاوە،ماموەستا مەلا خدر ڕووی کردە باوکی قومریخان و خزم و کەسانی ئامادەبوو لەو کۆڕەداو فەرمووی و گوتی:کاک حاجی عەولا ئێمە وا هاتووین بۆ خواز بێنی ئەو گولە جوانەی کە لە ناو باغەکەی تۆ دایەبۆ کاکە ڕێبواری شەهیدی نەمر کاکە مەحمود،کە شەهیدی هەمیشە زیندوو دۆستێکی دیرینەی خۆت بوو و ڕێبواریش کە کوڕی ئەو قارەمانەیەو گیانی خۆی لە پێناوی خاک و نەتەوەکەی داناوەو بووە قوربانی جێگەی شانازی و سەربەرزی هەمووومانە و تۆش کاکە ڕێبوار دەناسی کە چ کوڕێکی ژیر و خاوەن ڕەوشت و باشەو سا دەبێت ئێوە بە کوڕی خۆتانی دابنێن و ئەو دوو دڵە بە یەک شاد بکەن و ئێمەش بەوە سەربەرزین و خۆشحالین کە کاکە ڕێبوار دەبێتە کوڕی ئێوەو هیوا دارین کە دڵی ئێمەش نەشکێنن و قومریخانی کچتان بدەن بە کاکە ڕێبوار،ماموەستا و ماقەلانی ئاوایی کە لە قسەکانیان بوونەوە،مام حاجی عەولا هاتە پەیڤ گوتن و گوتی:ماموەستا گیان یاخوا بەخێر بێن سەر هەردو چاوانمان،دیار بوو لەو کاتە دا مام حاجی عەولا دەسرەکەی خۆی لە گیرفانیا دەرێناو هێواش هێواش چاوەکانی خۆی دەسریەوە،ئاخر مام حاجی عەولا هەڤالێکی خۆشەویست و دیرینەی شەهیدی نەمر باوکی ڕێبوار بوو،ئەو هەر لە گەل باوکی ڕێبوار دابوو کەلە دوای شەڕێکی زۆر قارەمانانەو بەرگری کردن لە شەرەفو ناموسی کوردەواری و تێک شکاندنی دوژمنانی دڕندەدا شەهید دەکرێت و مام حاجی عەولا بە برینداری ماوەیەکی زۆر بە پشتی خۆی ئەو هەلدەگرێت و بەرەو ناوچە ئازاد کراوەکانی دینێ و بەلام لە ڕێگە لە باوەشی مام حاجی عەولا شەهید دەبێت و گیانی پاکی بە کورد و کوردستان دەبەخشێ،مام حاجی عەولا هەناسەیەکی زۆر سارد هەلدەکێشێت و دیسان بە دەسرەکەی دەستیەوە فرمێسکە کانی چاوی خۆی دەسرێتەوەو ڕوو دەکاتەوە ماموەستا مەلا خدرو دەلێت:ماموەستا گیان

**من بەختەوەرم بەوەی کە ئێوە هاتوون بۆاخوازی قومری کچم من هەر لە زووە پەیمانم بە هەڤالی تێکۆشەرو شەهیدی هەمیشە لە یادم کاکە مەحمود داوە کە قومری بدەم بە کاکە ڕێبوار و زۆریشم ئاوات بوو کە نەمرم و ئەو پەیمانەم بە جێ بێنم و ئەم ئاواتەم بگاتە دی،من لە ڕێبوار باشتر کێ دەبینم کە قومری کچی خۆمی بدەمێ یاخوا پیرۆز بێت و بە هیوام کە تەمەنێکی دوور و درێژ و پڕ لە خۆشەویستی لە گەل یەک بەرنە سەرو ئێستا ئاواتی من هاتەدی و گیانی پاکی شەهیدی نەمرو براو هەڤال و دڵسۆزم کاکە مەحمودم شاد کرد و پەیمانی خۆم گەیاندە جێ،داخەکەم بۆ ئەوەی کە چەند دڵشاد تر دەبووم کە ئەو شەهیدە نەمرە زیندوو باو بۆخۆشی لە گەل ئەو کۆڕە دابوایە،هەرچەند ئەو بە ڕوالەت لێرە نیە بەلام هەست و بیر و هاکارو ئازایەتی و قارەمانەتی ئەو وا لە ناو دڵ و دەروونی ئێمە دایەو وادەزانم کە ئەویش هاتووە بۆ داخوازی برازای خۆی،سەد حەیف و مخابن بۆ کاکە مەحمودی قارەمان،من ناتوانم پڕ بە پیستی خۆی باسی بکەم ئای کە ئازاو نەترس و دڵسۆز و خەباتگێڕبوو،ئای کە هەمیشە ورە بەرز و گەشبین وباوەڕی بە سەر کەوتن هەبوو،سالەهابوو بە یەکەوە لە سەنگەی پاراستنی نیشتمان و ڕزگاری و سەربەخۆیی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بووین،لە خانەقینەوە تا زاخۆ لە هەموو شوێنێ لەم کوردستانە کە پیویست بایە ئێمە ئامادە دەبووین و چاوەڕوانی فەرمانی خەبات و تێکۆشانمان دەکرد،تا ئەو ڕۆژەی کە شەهید مەحمود شەهید بوو،منیش لەگەل ئەو دابووم و هەرگیز لە یادی ناکەم و هەزاران سلاو بۆگیانی پاکی باوکی کاکە ڕێبوار دەنێرم و بە ئاواتەوەم کە کاکە ڕێبواریش لە هەموو کارو بۆ چوون و کردەوەیەکا هەر وەک قارەمانی باوکی بێت،دووبارە دەلێم بە خێر بێن خۆشەویستان،قومری کچی ئێوەیەوپیرۆزی برازای هەمیشە لە یاد و زیندووم بێت،ئێوە لە جێگەی شەهیدی نەمر کاکە**

مەحمودن و کچی من پێشکەشە بە کاکە ڕێبوارو فەرموون مارەی بکەن و هەرچی لە دەستیشم بێت بۆیان دەکەم ،تەواوی ئامادەبووان ستاسشی مام حاجی عەولایان کرد و گەلێکیان سوپاسی پیاوەتی و لێ هاتووی و وەفاو ڕێزی مام حاجی عەولا گرت،بە تایبەتی ماموەستا مەلا خدر فەرمووی:ئافەرین کاک حاجی عەولا بۆخۆت و مەردایەتی و پیاوەتی و وەفات،یەزدانی مەزن هەمیشە کەسانی ئاوا مەردو مەردانەی خۆش دەوێت،ڕەوشتی پاک و کوردانەو دڵسۆزان و خۆشەویستی بەرامبەر یەکتری نیشانەی مرۆیاتی و باوەڕە،چەن سەربەرزن ئەو کەسانە بە پەیمانی خۆیان وەفا دارن،چەند گەورەنە ئەو مرۆیانەی کە دڵسۆزی و خۆشەویستی و پیاوەتیان بەرامبەر بەو دۆست و یارانەو خۆشەویستانەی کە لێیان جیا دەبنەوە هەر دەمێنێ و بێ وەفا نین،ئەوانەی کە ئەم جۆرە ڕەوشتە پاکانەیان هەیەو وەفا دارن بە پەیمانی خۆیان لە پێناوی چاکە کردن دا ئەوا خوای مەزن بە بەهشتی بەرینیان شاد دەکات و هەمیشە خۆشەویست و سەرکەوتوون لە ژیانیان داو مامۆستا مەلا خدر فەرمووی پیرۆز بێت ئەم ژیانە تازەیەی کاکە ڕێبوارو قومری خان،ئیتر تەواوی کۆڕەکە شادمان بوون پیرۆز باییان لە مام حاجی عەولا و خزم و کەسانی کاکە ڕێبوار کرد و منیش ەستام لە جیاتی کاکە رێبوار دەهستی مام حاجی عەولام ماچ کردو گەلێک سوپاسم کرد.

لە دوای دڵخۆشی وئەو هەموو پەیڤە پیرۆزەنەی مام حاجی عەولا و ماموەستا مەلا خدر،گوتیان فەرموون مارەیان بکەن و کاری ئەمڕۆ مەخەنە سبەینێ ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بەبێ دوا کەوتن مامۆستا مەلا خدر قومریخانی لە کاکە ڕێبوار مارە کرد و شیرینی خورایەوەو بە سەر ئاوایش دابەش کرا،ئاخر لە کوردەواری کە شیرینی دەخورێتەوە دەبێ هیچ نەبێ کۆمەلێ یان هەموو خەلکی ئاوایی شیرینی بخواتەوەو ئەمەش بۆ پیرۆز کرد ن و دڵخۆشی تەواوی خەلکەو سالەهای سالە

له كوردستان دا ئەمە باوەو ئەنجام دراوەوە،ئیتر نانی نیوەڕۆشمان هەر له مالی مام حاجی عەولا خوارد که بەڕاستی خواردنێکی زۆر پوخت و ڕوختیان دروست کردبوو و هەمووومان تێرو تەسەلمان خوارد، ئەو ڕۆژە تا سعات چواری دوای نیوەڕۆ له مالی مام حاجی عەولا ماینەوەو پاشان بەرەو ئاوای خۆمان گەڕاینەوەو به دلێکی زۆر خۆشەوە که کارەکەمان ئەنجام داو سەرکەوتوو جێگەی ڕەزامەندی هەموان بوو ،ئێوارە درەنگان گەیشتینەوە و بۆ بەیانیش ئیتر شیرینی کاکە ڕێبوار به سەر ئاواییەکەمان دابەش کراو تەواوی خەلک شادمان بوون بەوکارە و پیرۆزباییان له کاکە ڕێبواردەکرد.

له دوای یەک دوو ڕۆژان دا هامشۆی چوونە شارو جێ بەجێ کردنی تەواوی کارو بارەکانی بووک گواستنەوەمان دەخواست و خەریکی ئەوەبووین که بچینە شارو کەل و پەلی بووک و زاوا تەواو بکەین،چونکە دەمان ویست که پێش هاتنی تەڕ و تووشی زەماوەندی کاکە ڕێبوار بگێڕین و ئاهەنگێکی تا بلێ شاد و خۆشی بۆ پێک بێنین بۆیەکە پەلەمان له زۆر کارو بارەکان دەکرد،ڕۆژی چونمان بۆ شار دیاری کرد،بڕیارمان دا که دایکی ڕێبوارو دایکی بووک و من و ڕێبوارو یەک دوو خزمی تر له گەل خۆمان ببەین و بەرەو شار بچین،وابوو چوینە شارو هەموو کەل و پەل و خشل و زێڕو زیومان بۆ بووک و زاوا ئامادە کرد و ماوەی دوو ڕۆژان له شار ماینەوە،هەموو شتێکمان به زیادەوە کڕی و دایکی ڕێبوار و دایکی قومریخان زۆر شادمان بوون و بۆخۆیان سەر پشک بوون له هەرچی که داوایان دەکرد بۆیان جێ بەجێ کرا،ئیتر هەموو شتێکمان بڕیەوەو ئامادەمان کرد،خشل و زێڕو ئەو کەل و پەلانەی که بۆ بوک کڕا بوون له گەل دایکی قومریخانەوە نێردرا بۆ قومریخان و باسی ئامادە کرنی بووک بۆ ڕۆژی گواستنەوەکراو،مالی بووکیش هیچ گیرو گرفت و شتێکیان نەبوو،ئەوانیش له پیاوەتی و خۆشەویستی ڕێبوارەوە هەموو شتێکیان

ئاسانتر دەکرد،ئیتر بڕیار درا کەدوای دوو هەفتەی تر لە ڕۆژی پێنجشەممەی بیست و پینجی خەرەلوەری ئەو سالە زەماوەندی کاکە ڕێبوارو قومریخان بکرێت و لە خزم و کەسان و دۆست و یاران و ئاواییەکانی دەور و بەر بگێڕدرێتەوەو چەند ڕۆژێک شایی و زەماوەند بکەین.

کاتی زەماوەند هات و هەر لە ڕۆژی شەممەوە واتە دوهەفتە پێش لە خەلکمان گێڕایەوەو خۆمان بۆ سازدانی ئەو ئاهەنگە ئامادە کردو لە سەر گۆڕەپانەکەی لای مالی مام خدری خوارزاوە دوو ڕەشمالمان لە تەنیشت یەکەوە هەلداو هەموو خاوو خێزان و خزم و کەسان و ناسیارانی ئاوایی تەواوی هاوکاری و مێوانداریەتی خۆیان نیشان داو ئیتر بۆ ڕۆژی 25 خەزەلوەری ئەوسالە کە ڕۆژی دووشەم بوو ئاهەنگ ساز دراو تەواوی ئەوکەسانەی کە لێیان گەڕا بۆوە وردە وردە دە هاتن و هەر یەکە لە لای خانە خوێ و دەورو بەری مزگەوت و دیوەخانی گوند دا جێگەی خۆیان گرت و دامەزران، مێوانان و وئاوایەکانی هاوسێمان هەموویان هاتن بۆ گوندەکەمان و ئیتر لەو ڕۆژەدا دەست کرا بە داوەت و شایی کردن و ئاوایی مۆنجەی دەهات و خەلکێکی زۆرمان بۆ داوەت بانگ کردبوو بۆ ئێوارەی شەوی دووشەممە شایی بە تەواوی گەرمتر کرا،شایەرو گۆرانی بێژ و زوڕناژەنەکان و دوزەلەچی و هونەرمەندان کۆ بوونەوەو دەنگی گۆرانی و دەهۆل و زوڕنا ئەو ناوەی دەهەژاندو تا بلێی شاییەکی خۆش و پڕ لە بەزم و شادی بوو، پوورەخەجیش خۆی بە تەواوی ڕازاندبۆوەوە سەرچۆپی شایی گرتبوو،جارجارەش گۆرانی سالانە سالانەی دەگوت و خۆی هێنابووە ڕیزی لاوەکانەوەو دەیگوت هەلپەڕن بۆ کاکە ڕێبوارە بە خەسار ناچێت،ئای کە دەنگی حوسکەو میرۆش جارجارە بە یەکەوە گۆرانی مەملی مەمۆ و سەوزەلێیان کە دەگوت و دەنگیان بە تەواوی بەرز دەکردەوەو کەشکەشانی فەلەکیان دەلەرزاند و هەرگیز

حەزت ناکرد کە لە کۆڕی داوەت بێیتە دەڕەوەو دۆ لە دەستت بچێتە دەرەوەو لەو شاییە وەدەر بکەویت، هەرچەند ئەو دووە بە یەکەوە گۆرانیان دەگوت ئیتر کۆڕی زەماوەن گەرمتر دەبوو و شایی ئەوسەری دیار نەدەبوو،خۆ دیمەنی دەسرەی زەردو سوورو سەوزی پورە خەجێ کە لە سەر چوپی بەرز دەبووەوە دڵی مرۆی دەخستە خورپە و بەرەو شایی ڕا دەکێشاو شایی بە جۆشتر دەکرد.

بەلێ بەو جۆرە چەند شەوو چەند ڕۆژێ شایمان کرد،لە ڕۆژی پێنج شەممە ئەو ڕۆژەی کە بووک دابەزی هەروەک ڕەوش و عادەتی بووک گواستنەوە،لە کاتی دابەزینی بووک گەیشتنی بە مالی زاوا،ئیتر بەیەکەوە زاواو بوک بانگ دەکرێن و دەیان هێنن بۆ داوەت کردن تاوەکو ئەو شایی و هەلپەڕکێ و بەزمە پیرۆزتر بکەن و ئەوانیش بۆ خۆیان چەند ساتێک هەلپەڕن و دڵی خەلکیش بە دیدار شاد بکەن و شایی خورتر بکەن،ئیتر شایی گەرم بۆوە کە زاواو بووک هاتنە ناو شایی و لەو کاتەدا هەرکەسە لەڕاستە خۆیەوە دەستیان بە تەقە کردن کرد،هەرچەندە تەقە کردن بە پێی بڕیاری شوڕس لە ناو شایی و لە سەر داوەتانیس قەدەغە بوو بە پێی بڕیاری بارزانی لە مێژ بوو تەقە قەدەغە کرابوو،بەلام زۆر جاران وابوو کە خەلک لە خۆشیان ئەو بڕیارەیان دەشکاند و ئەوەش تەپس دەکرا،نزیکەی چارەگە سعاتێک تەقە دەهات و نە دەبڕایەوە،هەرچەندە ڕیش سپیانی ئاوایی داوایان لە تەقە وەستان دەکرد بەلام لاوەکانی خوێن گەرم و ئەوانەی کە دۆی خۆیان دەهاتە دەست ڕا نەدەوەستان و لە خۆشیان تەقەیان دەکرد و کە تەقەیەکیش دەکرا ئیتر دەبووە چاو لێ کەری و هەرکەسە لە جێگەی خۆی و ناو داوەتەوە تەقەی گەرمتر دەکرد،سعات دەورو بەری نێوەڕۆ بوو،لەپڕ هاواری گریەو زاری هەستاو ئافرەتانی ناو شایی یەک بە خۆیان قیژاندیان و ئەو داوەت و شاییە تێک جماو شێواو هاواری هەیڕۆ ڕێبوار ڕۆ تەواوی ئاسمانی گوندی داگرتەوە،

www.kurdistannet.org

**هەموو ئەو شادی و سەیران و خۆشیە بوو بە شین وزاری،تەواوی خەلکی بەشدار لەو ئاهەنگە بە چاوی فرمێسکاوی و گریانەوە لەو ناوە کۆ بوونەوە،ئەو دیمەنە خەمگینە و پڕ لە ناشادی و ڕەنج و ئازاری ئەو کاتەو ئەو ڕۆژە هەرگیز لە یاد ناچتەوە،ئای کە دیمەنێکی تال و ناخۆش بوو،ئای کە خەلک ئاخ و حەسرەتیان کێشاو دڵیان پڕ لە جەفا بوو.**

**ئەوڕۆژە لە کاتی کە ڕێبوارو قومریخان دەچنە ناو داوەتەوەو تەقە گەرم دەبێت وهەرکەسەلە شوێنی خۆی دەست بە تەقە دەکاتن،لە ناکاو گوللەیەک لە دەست عەولا بچکۆل دەردەچێت و بەر کاکە ڕێبواری لاوو زاواو ژیان نەدیو دەکەوێت و یەکسەر دەکەوێتە خوارەوە و هەر ئەو کاتە لە کاتی بەربوونەوە دا ڕێبواری جوانە مەرگ گیانی لە دەست  دەدات و کەس وەسەر سەری ڕاناگاتن و لە ناو شایی بەردەبێتەوەخوارەوە،کاکە ڕێبواری زاوای ناکام هەموو گیانی لە خوێن دا شەلال دەبێت و لە کۆڕی شایی دا یەک بەو زەویە ڕادەکشێت و مال ئاوای لە قومریخان و تەواوی دۆست و یارو خۆشەویستانی خۆی دەکاتن،ئیتر هاوارو گۆرانی و زەماوەند دەبێ بە پرسەو ناشادی، سەردولکەی قومریخان و دایک و خۆشک و دۆست و یارانی کاکە شێرکۆ ئەو ناوەی دەهەژاند و خەم و پەژارەو ئازارو ڕەنج تەواوی ناوچەکەمان و گوندەی دادەگرتەوە و هەموو دۆست و یارو خزم و کەسان لەم کارەساتە مەزنە دەتاسێن و توش بە خەم و ئازارێکی زۆری نەبڕاوە دێن،بەو جۆرە هەوری ڕەش ئاسمانی ئاوایەکەمان و ئەو ناوەی داگرتەوەو بە هۆی نەزانین و کاری ناڕەواو ناڕاست ئەو ڕوداوە مەزن و لەبیر نەکراوە وەدی دێت و ئەو دیمەنە خەمبارەو ترسناکە دێتە کایەوە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.**

پایزی 1967